# چۆن دەژی؟

**مانگی ڕۆشن، لەتۆ دەپرسم**
**تۆ پێم بڵێ**
**لەمن دورکەوتەوە، ئەو چۆن دەژی؟**
**ئایا ئەویش**
**شەوان بێ ئۆقرەو ئارام**
**تا بەیانی فرمێسک دەڕێژی؟**
**ئایا ئەویش**
**لە چاوەڕوانی بەیان،**
**هەموو شەو ئازار دەکێشی؟**
**ئایا ئەویش**
**داخی دڵی بە پێنوسێک هەڵدەڕێژی؟**
**مانگی ڕوناک، تۆ پێم بڵێ**
**ئایا ئەویش**
**وەک من بەبێ ئارام دەژی؟**

**گۆران باوەنور**

www.kurdistannet.org